# کورد و ئەگەری شەڕێکی دیکەی ئەوروپایی

23-02-2022

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو

**کورتە :** کوردستان نزیکەی 1500 کیلۆمەتر لەو هەرێمی دۆنباسەوە دوورە کە رووسیا لەوێ تەنگژەکەی ناوەتەوە، بەڵام کاریگەرییە سیاسییەکەی ئەو قەیرانەی ئەوێ لەسەر کورد، ئەوەندەی مەودا جوگرافییەکەی دوور نییە.

**زریان رۆژهەڵاتی|**

کوردستان نزیکەی 1500 کیلۆمەتر لەو هەرێمی دۆنباسەوە دوورە کە رووسیا لەوێ تەنگژەکەی ناوەتەوە، بەڵام کاریگەرییە سیاسییەکەی ئەو قەیرانەی ئەوێ لەسەر کورد، ئەوەندەی مەودا جوگرافییەکەی دوور نییە.

بڕیارەکەی ڤلادیمێر پووتین بۆ پاڵپشتیکردنی رووسیا لە سەربەخۆیی دوو" کۆماری تازە" و ناردنی هێز بۆ لوهانسك و دۆنتێسك، قەیرانی ئۆکرایانای بردووەتە قۆناخێکی نزیك لە شەڕ. هەڵبەت شەڕ ببێ و نەبێ، ئەوەی لە ئۆکراینا دەگوزەرێ، تەنیا بەو ناوچەیەوە سنووردار نییە و، دەشێ خاڵی وەرچەرخانێکی گرنگ بێت لە سیاسەتی نیودوڵەتیدا کە رەنگدانەوەی لەسەر رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و کوردستانیش هەبێت؛ بەکارهێنانی زیاتری کارتی گۆڕینی سنوورەکان و دەرکەوتنەوەی کاریگەرانەی"شەڕ و هەڕەشەی شەڕ" وەك یەکێك لەکۆنترین، بەڵام کاریگەرترین رێگەکانی گۆڕان لە سیستەمی نێودەوڵەتی دا!

ئەوەی لێرەدا زیاتر بە دوایدا دەگەڕێم، ئەوەیە کە ئایا ئەو قەیرانە چۆن لێرە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست رەنگ دەداتەوە و ئەمە دەتوانێت چ واتایەکی بۆ کورد هەبێت؟

**چ روودەدات؟**

دنیا یان دروستتر، رۆژئاوا چۆن لەگەڵ رووسیا دەجوڵێتەوە؟ راستییەکەی هەرچەند واشنتن رایگەیاندووە کە ئەوان پشتی هاوپەیمانەکانیان دەگرن و ئەورووپاش بڕیاری سزادانی رووسیای داوە، بەڵام هێشتا هەردوولاش نەیانگەیاندووەتە مریشکەڕەشە!

جۆزێف بایدن رایگەیاندووە کە ئەوان هێز و جبەخانەی وڵاتەکەیان لە ئەورووپا بەرەو باڵتیك، وڵاتانی وەك ئەستۆنیا، لاتڤیا و لیتوانیا دەجوڵێنن، ئەمەش دەریدەخات کە واشنتن زیاتر بایەخ بە شریتێکی باکووری لە رۆژهەڵاتی ئەرووپا دەدات. ئەوەش لە کاتێکدایە کە ئاڵۆزییەکە لە بەشی باشووری ناوچەکە و لە سەرووی دەریای رەشدایە. لەوانەیە ئەمە کاریگەری لەسەر راگرتنی پێشڕەوییەکانی رووسیا هەبێت، بەڵام هەبوونی مۆتەکەی رووسیا لەسەر ئەورووپا، شتیکی بی کەڵك نییە بۆ ئەمریکا! هەبوونی هەڕەشەیەکی رووسی لەسەر ئەورووپا، دەتوانێ هۆکارێك بێت بۆ ئەوەی ئەورووپا بۆ ئاسایشی خۆی زیاتر وابەستەی ئەمریکابێ و لە پرسە جیهانییەکانی دیکەشدا، زیاتر هاوڕای واشنتن بێت کە ماوەی چەند ساڵێکە، کەمتر گوێڕایەڵی ئەمریکایە. دواجار هیچ دەوڵەتێکیش نایەوێ هاوپەیمانەکەی ئەوەندە بەهێزبێ کە پێویستی بەو نەمێنێ و لە کۆنترۆڵی دەربچێت. بەدەر لەوە، رەنگە ئەوە بە قازانجی ئەمریکاش نەبێ کە ئەوەندە بەرامبەر رووسیا تووندبێ، کە دەرگای هاوپەیمانییەکی بەهێزی نێوان رووسیا لەگەڵ رکابەر و نەیارەکانی ئەمریکا بکاتەوە. ئەمە بەدەر لەوەی کە" هاوسەنگی ترس" و ئەگەری بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی هۆکاریکە بەوەی کە زۆر سەرنەنێنە سەر پووتین. چونکە ئەو چەند جارێك هەڕەشەی کردووە کە ئەگەر دنیا بۆ ئێمەش نەبێت ناهێڵین بۆ کەسی دیکەش بێت!

لانیکەم تاوەکو ئێستا رەفتاری ئەمریکا وای نیشانداوە کە پرسی گەورە لای ئەو چینە نەك رووسیا. بۆ نموونە لە ماوەی زیاتر لە دە ساڵی رابردوودا ئەمریکا لە چەند هاوپەیمانییەکی گرنگی سەربازی و ئەمنیی بە چواردەوری چین و ناوچەی پاسیڤیك دا بەشداریکردووە کە هاوپەیمانە ئەورووپاییەکانی وەك فەرەنسایشی لەبەر هەندێکیان رەنجاندووە. ساڵی 2021 هاوپەیمانیی ستراتیژیAUKUS لە نێوان بەریتانیا، ئوسترالیا و ئەمریکا راگەیێندرا[1] کە رێگە بۆ گەشەپێدانی ژێردەریایی ئەتۆمی و جێگرکردنی هێزی سەربازیی زیاتری رۆژئاوا لە ناوچەی پاسیڤیك خۆشدەکات و بە ئەگەری زۆر هێڵی باشوور لە ناوچەی پاسیڤیك لە دژی چین بەهێزتر دەکات. هەر بە هەمانشێوە، ساڵی 2021 گفتوگۆی ئەمنیی چوارلایەنە لە نێوان ئەمریکا، هیندستان، ژاپۆن و ئوسترالیا بەهێزترکرا و، ناوەکەی لە[2]Quadوە بووە Quad+ کە نوێنەرانی نیوزلاند، کۆریای باشوور و ڤێتنامیش تییدا بەشداربوون. ئەم رێککەوتنە لەسەر بنەمای دەستپێشخەریی ژاپۆن لە 2007 دامەزرا، بەڵام دوای ماوەیەك راگیرا و، دواتریش لە 2017 لە سەردەمی ترەمپدا زیندووکرایەوە. هەرلەو ساڵانەی دواییدا کارەکانی گرووپی هەواڵگری فایڤ ئایز نیگەرانی زیاتریان لای چین دروستکردووە.[3]

خاڵیکی دیکە ئەوەیە کە ئەوروپاش بۆ خۆی کاردانەوەیەکی وا گەورەی لە ژدی رووسیا پیشاننەداوە. بۆ نموونە لە سزادانی بەرپرسانی مۆسکۆدا، بڕیاربەدەستی یەکەمیان لێ دەرکردووە کە خودی ڤلادیمێر پووتینە و ئەمەش واتای ئەوەیە کە دەرگایەکی بەکراوەیی هێشتووەتەوە. راستییەکەی، بەدەر لە شەڕ و توانستی سەربازی، ئەورووپا لە زۆر رووی دیکەی وەك وزە و ئابوورییەوە پەیوەندیی لەگەڵ رووسیا هەیە و ناتوانێ بە تەواوی یان لانیکەم لە ماوەی کورتخایەندا چاویان لێ بپۆشێت. رووسیا چوارەم گەورەترین هاوبەشی بازرگانی یەکێتی ئەورووپایە. لەساڵی 2020دا 36.5% ی هاوردەی رووسیا لە یەکێتی ئەورووپا بووە و، 37.9% هەناردەکردنی رووسیا بۆ

ئەورووپا بووە. لەساڵی 2019دا سەرمایەی راستەوخۆی دەرەوەی یەکێتی ئەورووپا لە رووسیا گەیشتووەتە 311.4 ملیار یۆرۆ، لەکاتێکدا وەبەرهێنانی رووسی لە ئەورووپا تەنیا 136 ملیار یۆرۆ بووە. [4] ئەمە بێجگە لەوەی کە رووسیا دەتوانیت هاوشێوەی ئەوەی کردی، لە پشتی قەیرانی کۆچبەرانەوە بوەستێ و سەرئێشە بۆ ئەرووپا دروستبکات وەك ئەوەی کە لە 2021دا لە سنووری بێلارووس- پۆلەندا روویدا.

بێجگە لەوانە، ئەورووپا و ئەمریکا پێشتریش رووسیایان بە بۆنەی دیکەوە سزاداوە و، وەك لە نموونەی ئێران و کۆریای باکوور و تەنانەت رووسیاشدا دەرکەوتووە، پێناچێت سزا ئامرازێکی زۆر کاریگەربێت یان لانیکەم یەکلاکەرەوە بێت بۆ گۆڕینی هەڵوێستی لایەنێك. ئینجا رووسیاش بێ بژاردە نییە و بۆ نموونە لە هەر کاتێکدا کە ئەگەری چاوگێڕانی ئەوروپا بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەی جێگرەوەی گازی سرووشتی هەیە، رووسیاش بۆ کڕیاری تازە و رێککەوتنی نوێ دەگەڕێت وەك ئەوەی کە لەگەڵ چین کردی کە تێیدا کۆمپانیای گازپرۆم و کۆمپانیای نیشتمانی نەوتی چین رێککەوتنێکی 30 ساڵەیان لەبارەی هەناردەکردنی10 ملیار مەتری سێجا (ساڵانە)ی گاز لەرووسیاوە بۆ چین واژۆ کرد.[5] بەپێی راپۆرتی کۆنفرانسی ئەمنی میونشن یەکێتی ئەورووپا بۆ 173 کاڵا، زۆر گرێدراوی دەرەوەیە کە دەبێ چارەیەکیان بۆ بدۆزیتەوە.[6] بێگومان بەشێکی ئەو وزەیەیە کە لە رووسیاوە هاوردەی دەکات. بە کورتی ئەوەی ئەرووپا و ئەمریکاش بەرامبەر رووسیا بیکەن، رەنگە شتیکی زۆر گەورە نەبێت ئەگەر شەڕی راستەوخۆ روونەدات.

**کاریگەرییەکانی قەیرانی ئۆکراینا لەسەر کورد**

**یەکەم: ئەگەری شەڕ**

لە دنیا هەندێك ناوچە هەن کە گۆڕانەکانی ئەوێ کاریگەرییەکی فراوان لەسەر شوێنەکانی دیکەش دادەنێن، ئەورووپاش یەك لەوانەیە. شەڕە گەورەکانی دنیا هەمیشە لە ئەرووپاوە دەرکەوتوون. شەڕی جیهانی یەکەم و دووەمیش هەرلەوێوە سەریان هەڵدا و، کاریگەری شەڕەکانیش بەو کیشوەرەوە سنوودار نەمان. لەدوای جەنگی جیهانیی یەکەم، ئیمپراتۆرییەکانی دنیا وەك عوسمانی رووخان و نەخشەی ئەم رۆژهەڵاتی نێوەڕاستە شکڵی گرت و لەو نێوەدا کوردستانیش دابەشترکرا. شەڕی جیهانی دووەمیش کە هەر لە ئەورووپاوە سەریهەڵدا رێگەی کردەوە بۆ ئەوەی بزاڤی سیاسی کوردی گیانێکی تازە بگرێ، بەڵام هەرگیز رێگەی بۆ ئەوە نەکردەوە تاوەکو وەك ئەکتەرێکی دەوڵەتی دەرکەویت و سنوورەکان وەك خۆیان مانەوە.

ئەگەر قەیرانی ئۆکراینا بۆ شەڕێکی دیکەی ئەورووپایی وەربسوورێت، ئەوا دۆخی سیاسی کورد و پێگەی هەردوو دەسەڵاتە دیفاکتۆ( رۆژئاوا) و دیجۆرە( هەرێمی کوردستان) کوردستانییەکەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش دەکەونەوە بەرباس. ئەگەر شەڕیش نەبێت و ململانێی هێزداره گەورەکانیش هەروا بەردەوام بێت ئەوسا جەمسەرگیرییەکانی دنیا بەرەو رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئەم ناوچەیەش شۆڕ دەبنەوەو لەوەشدا، چۆنیەتی سیاسەتی هاوپەیمانیکردنی کورد کاریگەر دەبێت لەوەی کە چ روودەدات.

**دووەم: ئەگەری بەهێزبوونی هەڵویستی دەوڵەتانی ناوچەکە**

ئێستا تەرکیزی هێزە گەورەکانی جیهان لەسەر سێ ناوچەی گرنگی دنیایە. ئەوانیش ناوچەی ئاسیا و پاسیفك، رۆژهەڵاتی ئەورووپا و ناوچەی دەریای سوور.

لە ئاسیا و پاسیفیك، گەورەبوونی خێرای هێزدارییەکەی چین و هەبوونی هەژموونی زۆر و ناوچەیەکی فراوان سەرنجی زلهێزەکانی راکێشاوە. رۆژهەڵاتی ئەورووپا ـ هێڵێکی نێوان دەریای باڵتیك و دەریای رەش- زۆنیکی گەرمە و وەك نموونە مێژووییەکانیش دەریانخستووە، پۆتانسێلی ئەوەی هەیە کە گرژییەکان بۆ ناوچەی دیکەی دنیاش بنێرێت. لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا هێزە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان سەرنجێکی زیاتریان خستووەتە سەر ناوچەی دەریای سوور کە بە شاڕێی بازرگانی چین و ئەرووپاش دادەنرێت. ئەمە بێجگە لەو کاریگەرییەی کە لەسەر ئاسایش و ململانێ جیۆپۆلیتیکییەکانیش هەیەتی. بە گوێرەی راپۆرتی 2022ی کۆنفرانسی ئەمنی میونشن، نزیکەی 20 بنکەی سەربازیی 14 هێزی جیهانی و ناوچەیی لەگەڵ سێ خاڵی پشکنینی نێودەوڵەتی لەو ناوچەیە هەن[7] کە زۆریان لە بابولمەندەب، تەنگەبەری تیران و کەناڵی سوێس چڕ بوونەتەوە و، ئەمەش بایەخی ئەو ناوچەیە بەگشتی دەردەخات. لەو بەینەشدا، بەگشتی سەرنجەکان لەسەر رۆژهەڵاتی نێوەڕاست تۆزێک کەمتر بوونەتەوە. ئەمەش دەستی هێزە ناوچەییەکان لێرە ئاوەڵاتر دەکات.

ئەمە بێجگە لەوەی کە ململانێی هێزدارە گەورەکانی جیهان لەسەر ئەو سێ ناوچە گەرمەی جیهان، پێگەی هێزە ناوچەییەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش گرنگتر دەکاتەوە. بۆ نموونە پێگەی تورکیا ئیستا بۆ رووسیا و بۆ ناتۆش بایەخێکی زۆتری لە ساڵی رابردوو پەیداکردووە. ئەگەر شەڕێك رووبدات، ئەوە تورکیایە کە دەتوانێت بەهۆی گەرووەکانی ئیستەنبووڵ و ریککەوتننامەی مۆنترۆوە

کاریگەرییەکی گرنگ لەسەر بەرەی باشووری شەڕ لە ملی دەریای ڕەشەوە دابنێت. ئەمە بێجگە لەو بنکە سەربازییانەی کە ناتۆ لە تورکیا هەیەتی. ڕۆڵی تورکیا وەك پاسەوانی باشووری ئەورووپا بەهێزتر دەبێت و ئەمەش وای لێدەکات کە وڵاتانی ڕۆژئاوا لانیکەم لەم قۆناخەدا کەمتر دژی سیاسەتەکانی ئەنقەرە لە سووریا یان  شوێنەکانی دیکە بوەستنەوە، یان لانیکەم تۆنی ناڕەزاییەکانیان کەمتر بکەنەوە.

سەرنجڕاکێشە کە هاوکات لەگەڵ قەیرانی ئۆکراینا باسی ئەگەری ڕێککەوتنی ئێران و ڕۆژئاوا لەسەر پرسی ئەتۆمی گەرمتر بووە. ڕەنگە لەم قەیرانەی ئێستا، ئەمریکا و ئەورووپاش نەیانەوێت ئێران هەڵوێستێکی تەواو نزیکی لە ڕووسیا هەبێت و بۆ ئەوەش لە ئاستی گرژییەکانی خۆیان لەگەڵ تاران کەمبکەنەوە. هەروەها بایەخی کەنداو وەك سەرچاوەیەکی دابینکردنی وزە زیاتر دەبێت. بە تایبەت کە ئەورووپا بەدوای سەرچاوەی زیاتردا دەگەڕێت. ئەگەر وەك ئەوەی سەرۆککۆماری تورکیا باسی کردووە، گازی سرووشتی هەرێمی کوردستانیش لەڕێی تورکیاوە بگوازرێتەوەو، دۆخی ناوخۆیی عێراقیش دەرفەت بدات، ئەمە دەتوانێت بە قازانجی هەولێریش بێت.

**سێیەم: گۆڕینی سنوورەکان وەك بەشێك لە ململانێی هێزداری**

یەکێك لە بنەماکانی کاری ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ڕێزگرتنە لە یەکپارچەیی خاك و سەروەری دەوڵەتان. هەڵبەت ئەمەش لەگەڵ بەشێك لەو مافانەش لە ناکۆکیدایە کە پەیماننامەکانی دیکەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ گەلان و نەتەوەکانی جیهان دایانناون. هەرجۆرێك بێ، ڕەفتارەکەی ڕووسیا پێشێلکردنی ئەو بنەمایەیە، بەڵام ئەوە تەنیا ڕووسیا نییە کە بۆ مەرامی سیاسی خۆی کاری وادەکات و زۆر وڵاتی دیکەش ئەوەیان کردووە.

لەڕاستیدا ئەو ئەزموونەی کە ڕووسیا خەریکە لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا جێی دەهێڵێت، لەماوەی درێژخایەندا بە زیانی کورد نییە و نەتەوە بێدەوڵەتەکان نییە. ڕەنگە یەکێك لەو هۆکارانەی کە یەکسەر تورکیا و وڵاتێکی وەك چین کارەکەی مۆسکۆیان ڕەتکردەوە، ڕێك بۆ ئەو کاریگەرییە گریمانەییە بگەڕێتەوە کە لەوانەیە ڕەفتاریکی وەها لە درێژخایەندا لەسەر پرسەکانی وەك هۆنگ کۆنگ، تایوان یان پرسی کوردستان دایبنێ نەك ئەوەی کە دژی گرژییەکانی ڕووسیا و ڕۆژئاوا بن. ڕاستییەکەی کورد کەڵکی لە دەستوەردانی ڕۆژئاوا لە ناوچەکە وەرگرتووە بۆ ئەوەی لەڕووی سیاسییەوە خۆی پێناسە بکات، بەڵام ڕۆژئاوا کەمتر مەیلی بۆلای دەستکاریکردنی سنوور دەچێت کە بە تایبەتی لە زۆرجێگەشدا ئەندازەییەکەی هەر لە ڕۆژئاواوە کراوە.

سەرچاوەکان


https://www.theguardian.com/politics/2021/sep/16/what-is-the-aukus-alliance-and-what-are-its-implications _ [1]

Quadrilateral Security Dialogue _ [2]

_ [3]
https://www.bloomberg.com/news/articles/2021-09-23/why-the-aukus-quad-and-five-eyes-pacts-anger-china-quicktake

https://ec.europa.eu/trade/policy/countries-and-regions/c [4]

[5]
https://www.reuters.com/world/asia-pacific/exclusive-russia-china-agree-30-year-gas-deal-using-new-pipeline-source-202/2-02-04

/https://securityconference.org/publikationen/munich-security-report-2022 _ [6]

/https://securityconference.org/publikationen/munich-security-report-2022 _[7]